# نالی لەکن من بوویتە ئەفسانە

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود

* ئەو ڕۆژانەی گەنج بووم، دەربارەی شەکسپیر خوێندوومەتەوە، کە ئەو بوویتە ئەفسانە. بە دەلیلی ئەوەی، هیچ نووسین و شتێکی دیار و ڕۆن و ئاشکرای نییە. تا ئێستاشی لە گەڵدابێ، شتی وا دەبیستین و دەخوێنینەوە ئێمە سەیر و عەججاییمان پێ دێ، تەماشا! لەناو کۆمەڵگەی ئینگلیز و ڕۆژئاوای پێشکەوتوو چ دەگوزەرێ! بەڵام هی (نالی)مان کەمێک باشترە.

دیوان و شیعرەکانی نالی وەکوو دەستنووس بەردەستن، شاعیرەکانمان لە شیعرەکانیان ناویان هێناوە، تەخمیسی شیعرەکانیان کردووە، بەهەموو لایەکیش پەخش و بڵاوبووەتەوە. بەلەهجەی خۆی کەسی بە شایەنی ئەوە نەزانیوە شیعرەکانی تەخمیس بکا، هەر بۆیە ئەو تەخمیسی نییە.

منیش لە نووسینێکمدا گوتوومە: (نالی)مان بوویتە ئەفسانە. هەندێ نووسەر شتی وایان لەسەر نالی نووسیوە، ئەمن زەنی وا دەبەم ئەوانە لەگە نالی خەڵکی یەک گەڕەک بن، یان نالی کرێچی، یان جیرانی ماڵی مامیان بووە.

هەیە هەر دەداتە بەرێ! کاکە تۆ باسی نالی دەکەی، ئێرەش کوردستانە! تەعلیق و وەڵامی زۆر عەججاییم لایە بەرانبەر ئەو نووسین و رایانەی لەسەر نالی نووسراون، بەڵام!

* (٢٠٠) و ئەوەندە ساڵە پێش ئێستا، لە دێیەکی بچووکی لاچەپ و پەرگەی ئەو کوردستانە، منداڵێک لە دایک بووە. کێ دەزانێ چ بووە و چ ڕووی داوە، کەس! لەو دەڤەرانە بەدەیان منداڵ لە دایک دەبن و زیاد دەکەن، هیچیش لە مەسەلەکان ناگۆڕن. جگە لە مەلای مزگەفت، کەسی تر خوێندەوار نییە! پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق تاکوتەرا دەفتەر نفووس پەیدا بوو، ئەویش بە نیوەچڵی و نارێکی!

لەبیرمە، هەموو خێزانی ئێمە داک و باب، دوو خوشک و چار برا دەفتەر نفووسمان دەرهینا، لۆ هەر هەشتمان نووسرایە: لە ڕۆژی یەکی مانگی حەفت لە دایک بووینە، ساڵەکانیش بە تەخمین و مەزەندە، تەماشاکردنی دەم و چاو و

بەگوتـرە دەنووسـران، ئـەوە ڕاسـتی و حەقیقەتێکە مـن بـە چـاوی خـۆم بینیومـە.

بـەو مەرجـەی ئێمـە لـە تەیـراوە و شـاری هەولێـردا دەژیایـن! ئەویـش کـوڕی بەسـتەزمانێکی کـوردی وەکـوو خۆمـان، واتـە: کـەس هەیـە بزانـی نالـی چـۆن و کـەی و لـە کـوێ لـە دایـک بـووە! ئـازاری کـوڕم نۆبەرەمانـە، لـە (١٩٨٣/١٢/٦) لـە دایـک بـووە، زۆر تەکلیفیـان لـێ کـردم ڕۆژەکـە بکـەم بـە (ای مانگـی١) زۆر ڕێـک دێ و لەبیـر ناکـرێ، وەڵامـم ئـەوە بـوو، هەرگیـز! مەحاڵـە درۆ و هەڵـەی لـەو جـۆرە بکـەم.


* سـاڵی (١٩٥٢) مامۆسـتای (ڕەحمەتـی)، عەلائەددیـن سـەججادی لـە کتێبـە دانسـقەکەی (مێـژووی ئەدەبـی کـوردی)دا، (١) جـۆرە تێکەڵییـەک لـەلای دروسـت بـووە، لـە نێـوان نالـی و نابـی شـاعیری کـوردی، تورکـی زمـان. یـان هەڵەیەکە و ڕووی داوە! زۆر سروشـتییە. کـە بـاس لـە چوونـی حەجـی نالـی و سـوڵتانی عوسـمانی دەکا، ئـەو نووسـینەی (٢) بیرۆکـە نیشـان دەدا: ئاگادارە و دەزانـی نالـی لـە ئیسـتەنبوڵە، لای ئـەو پلـە و پایـەی نالـی ئەوەنـدە بـەرزە هینایتییـە ڕێـزی سـوڵتانەکان.

مدینـەء منورەدە روضـەء مطهرەیـە تعلیق الونمق اوزرە یازدیغی منضومـەء رعنادر:

ئـەو دێـرە شـیعرە سـەرەتای گێڕانـەوەی ئـەو ڕووداوەیـە کـە سـوڵتان و نابـی شـاعیر لەنـاو کەژاوەکـە بوونـە:

**ساقین ترک ادبدن کوی محبوب خدادر بو**
**نظر کاهـ الهیدر مقام مصطفا در بو**
**حبیب کبریانک خوابکا هیدر حقیقتدە**
**تفوق کردەء عرش جناب کبریا در بو** ل٤٤٩

وەک نـاو و نازنـاوی نابـی: (١٢) جـار لـە کتێبـی (عوسـمانلی موئەللـەفلەری) هاتووە: ل١٠٢، ١١٥، ١٨٦، ٢٣٦، ٣٥٠، ٣٥١، ٤٠٣، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥٤، ٤٦٧، ٤٧٧. لـە کتێبـی (ڕۆچـوون بـە ناخـی هەڵبەسـتدا .....)، (مـن بـە پێویسـتم زانـی بـۆ چوونـە نـاو باسـی ئـەم شـاعیرە کـوردەی، بـە زمانـی تورکیـی عوسـمانی نووسـیوە و یەکێکـە لـە شـاعیرە هـەرە بـە ناوبانـگ و بەتواناکانـی ئەدەبیاتـی عوسـمانی کـە (نابی)یـە، ل١٤٧. نامیـق کەمـال لـە کتێبەکەیـدا، دەڵـێ: نابـی و نەفعـی دوو شـاعیری نـاوداری عوسـمانی، هـەر دووکیـان کـوردن، ل١٤٩ لـە شـیعریدا جوانتریـن شـێوازی تورکـی ئیسـتەنبوڵی ئـەو سـەردەمەی بەکارهێنـاوە، ل١٥٠.) (٢)



نالی

خوێنـدەوار و مامۆسـتاکان، شـاعیرەکانمان بـە نووسـین، یـان بـە زانسـتی (چـۆن پیـت دەکـەی بـە ژمـارە)، بۆنـە و ڕووداوە گرنگەکانیـان تۆمـار کردییـە. (نالـی)ش لـەو دێـڕە شـیعرەیدا بۆنـەی مێژووییەکمـان بـۆ دەور دەکاتـەوە:

**شـاهی جەمجا (نالی)یا (تـاریخ جم) تـەئریخییە**

**دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەمجا نەبوو**

(تاریخ جم) ت = ٤٠٠ ا = ١ ر = ٢٠٠ ٢ ی = ١٠ خ = ٦٠٠ ج = ٣ م = ٤٠ = ١٢٥٤ هـ. = ١٨٣٨- ١٨٣٩ ز. ئەوە مێژووی وەفاتی (سلێمان پاشای بابان)ە و دانیشتنی ئەحمەد پاشای کوڕەکەیەتی لە شوێنەکەی ئەودا. پێش ئەو ئەحمەدی خانی و ...، دوای ئەویش شاعیران: حەمدی و بە تایبەتیش بێخود زۆر لەو مێژوو و بۆنانەیان تۆمارکردییە.

* ئەوەی ڕووی داوە و دیارە، نالی بەکرێ و کەس نەزانم! (لە ساڵی ١٨٥٠ - ١٨٥١) لە سلێمانی دەرچووە. لە پێشان ڕێگەی حەجی گرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە شام و ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە. شیعرە بەناوبانگەکەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ...ی بۆ هاوڕێیان و خەڵکی سلێمانی نووسیوە، لەو کاتەی کە سوپای عوسمانی داگیری کردبوو).(٣)

ئەوجارە بەرەو شاری ئیستەنبوڵ بەڕێ کەوتووە، دەیزانی ئەو شارە نیشان و ڕەمزی ژیان و ئاوەدانی بووە. پایتەخت و قیبلەی گۆڕانکاری و خەونەکان بووە. نالی یەکێک بووە لەو سەدان کەسانەی ویستوویانە خەونەکانیان ببێ بەواقیع و ڕاستی! دیارە زانیویەتی خۆی و داهێنانەکانی پێویستییان بە گۆڕانکاری بووە، یان پاش داگیرکردنی شاری سلێمانی جێگەیان لەو کوردستانە نەماوە. دیسان هەر بەتەنیا ئەو بڕیارەی داوە، هەر بۆیە کەسێک لە خێزان و بنەماڵەی، برادەرانی منداڵی و ڕۆژانی خوێندن و حوجرەی، مامۆستاکانی هیچ قسە و باسێکیان بۆ نالی و ئەو سەفەرەی نەبووە. ئەویش ڕێک و ڕاست بەرەو ئیستەنبوڵ هەنگاوی ناوە.

* ماوەیەکە خەریکی ئەو لێکۆڵینەوەم، ئەگەر باری تەعلام یارمەتیدەرم بێت، بتوانم ئەو بێدەنگییە بڕەوێنمەوە و دەوری بکەمەوە. بەدەیان شاعیر و نووسەر، بەسەدان کەسی خوێندەوار و غەمخۆر، لەو شارە خەیاڵییەی ئەوسا کە ناوی ئیستەنبوڵە، یەک تاقە کەس چییە، ناوی نالی نەهێنایە و باسیشی نەکرایە، ڕووبەڕوو نەدیترایە! پاشان حاجی قادر بە شیعرەکانی تۆڵەی هەموانی کردیتەوە.

باوەڕناکەم کەسێک هەبووبێت لە حاجی قادر نێزیکتر بووبێت لە نالی! حاجی سەری زمانی، بنی زمانی (نالی)یە. (٢٧) ساڵ زیاترە لە باسی (حاجی چۆن باسی نالی دەکا) دوور بە دووری یەک دوو گومانم جێ هێشتبووەوە، (دەکرێ و دەبێ) حاجی حەزرەتی نالی بینیبێ! بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم: (ئەلقەتعی) حاجی نالی نەبینیوە. بەدەلیلی ئەوەی لەو دێڕە شیعرەیدا، گوتوویەتی:

**(نالی) ئوستادەکی گەلێ چا بوو**

**خضری ئابی حەیاتی مەعنا بوو ٢١٩**

وای دەبینم ئەگەر نالی لە ژیاندا مابا، سیغە و مانای وشەکان بەشێوەیەکی تر دەبوون! (چابوو) = کاتی خۆی (پێشان) نیشان دەدا. دوای حاجی ئەو هەموو شاعیر و نووسەرانەی خۆمان و دەوروبەرمان، بەرانبەر بەو کەسایەتییە گەورەیە لەفزیان نەگەڕایە. ئەحمەد پاشای بابان لە ئیستەنبوڵە و کەسایەتییەکی دیار و ناسراوە. حەتمەن دیوەخانی هەبووە و لە مێوان و خەڵکی سلێمانی جمەی هاتووە، نە ناو و نە سێبەری نالی دیار نینە و بزرن. ئەوە دەبێ چ واتایەک ببەخشێ! ئایا ئەمانە ئەوانەیان لێ نافامرێتەوە، کە نالی دەمێکە چوویتە بەر دلۆڤانی خوای گەورە و میهرەبان.

ئەوانەی خوارەوە ناوەکانیان بەگێرەی تەمەن و مانەوەیان لە ئیستەنبوڵ بوونە، نیشانیان

دەدەیـن:

* کەیفـی جوانڕۆیـی: (١٨١٤ ـ ١٨٨٣)، لـە سـاڵی (١٨٦٩) کۆیـە بەجـێ دێڵـی، لـە سـاڵی (١٨٨٣) لـە ئیستـەنبوڵ کۆچـی دوایـی کـردووە. (٤)

* حاجـی قـادری کۆیـی: (١٨١٦ ـ ١٨٩٧)، پـاش خوێندنـەوە و لێوردبوونـەوەی دیوانـی حاجـی دەبینیـن (١٢) جـار بەنـاو و ڕاسـتەوخۆ نـاوی نالـی هێنـاوە، بێ لـەوەی لابـەلاش باسـی کـردووە، یـان بەهێمـا ئیشـارەی بۆ کردبێـە، (٢٧) سـاڵ پێـش ئێسـتا، بـۆ یەکـەم جـار ئـەو بابەتـەم بـاس کـردووە. (٥)

* مەحـوی: (١٨٣١ ـ ١٩٠٦)، لـە (١٨٨٣) دا ــ بەپێـی قسـەی مامۆسـتا سـەجادیی ــ چـووە بـۆ حـەج و لەوێـوە چـووە بـۆ ئیسـتـەنبوڵ و لـە ڕێگـەی پیاوماقووڵانـی کـوردەوە لـە ئیسـتـەنبوڵ چـاوی بـە سـوڵتان عەبدولحەمیـدی عوسـمانیی کەوتـووە. سـوڵتان ڕێزێکـی زۆری لـێ گرتـووە و فەرمانـی داوە خانەقایەکیـان لـە سـولەیمانی بـۆ کردووەتـەوە کـە ئەوەتـە ئێسـتا بە (خانەقـای مەحویـی) بەناوبانگـە. معاشێکیشـی بەنـاوی خزمەتکردنـی هەژارانـەوە بـۆ بڕیوەتـەوە. کـە گەڕاوەتـەوە بۆ سلێمانی تـا مردنـی لـە سـەرەتای شەشـەلانی (١٣٢٤ ــ تشرینی یەکەمـی ١٩٠٦) دا، هـەر خەریکـی دەرس وتنـەوە بـە فەقـێ و بڵاوکردنـەوەی ئاییـن و خزمـەت کردنـی موسـوڵمانان ...تـاد بـووە. (٦)

* شێخ ڕەزا: (١٨٣٧ ـ ١٩١٠)، (بـەڵام واز لـە سـەفەری ئیسـتـەنبوڵ نایەنێـت، چونکـە لەکاتـی ژیانـی باوکیـدا سـەفەرێکی ئەوێـی کردبـوو و لـە گەڕانـەوەدا خەبـەری مردنی باوکی بیست. دووبارە بەهـەر جۆرێـک بێـت دەڕواتـەوە ئیسـتەنبوڵ)، ل٢٨. (لەپاشـان کـە هاتوچـۆی ئیسـتەنبوڵ ئـەکا و لەگـەڵ گەلێـک لـە ڕۆشـنبیرانی کـورد و تـورک ناسـیاوی و پەیوەنـدی پەیـدا ئـەکا. (٧)

* پیرەمێـرد: (١٨٦٧ ـ ١٩٥٠)، لـە سـاڵی (١٨٩٨) شـێخ مسـتەفای نەقیـب و شـێخ سـەعیدی حەفیـد ڕوو دەکەنـە ئیسـتـەنبوڵ و دەبـن بـە میوانـی سـوڵتان عەبدولحەمیـد. تۆفیـق لەگەڵیـان دەبـێ وەک کارگێـڕ و یـاوەری شـێخ مسـتەفای نەقیـب. ئـەو کاتـە تۆفیـق لـە تەمەنـی (٣١) سـاڵیدا بـوو. (٨)

ـ مەرحووم شێخ (سـەعید) تەدارەکی سـەفەری ڕێـک خسـت لـە خزمـان و ئەشـراف و عولەمـا و خدمەتـکار نزیکـی (٤٠) کەسـی ئینتخـاب کـرد کـە لـەو سـەفەرە لـە خدمەتیـا بـن. (٩)

* زێوەر: (١٨٧٥ ـ ١٩٤٨)، لە سـاڵی (١٨٩٨) ئـەو یەکێـک بـووە لـە یاوەرانـی شـێخ سـەعیدی حەفیـد کـە سـوڵتانی عوسـمانی میوانـداری کردبـوون. (١٠)

* ئەمیـن زەکـی: (١٨٨٠ ـ ١٩٤٨)، سـەرەتا لـە ئیسـتەنبوڵ ئەمیـن زەکـی قوتابخانـەی جەنگـی تـەواو کـردووە، ئەوجـا ڕووی کردۆتـە خوێندنـی باڵاتـر و لـە قوتابخانـەی ئـەرکان بەپلـەی سـەرۆکی مومتـاز دەرچـووە. لەگـەڵ ئەندازیـاری دیکـە خەریکـی ئامادەکردنـی نەخشـەی شـاری ئیسـتـەنبوڵ و دەوروبـەر بـوو. (١١)

*شـاهۆ: (١٨٨٢ ـ ١٩٧١)، لەگـەڵ شـێخ جەمیلـی شـێخ عومـەر پێـش جەنگـی یەکـەم ڕووی کردۆتـە بەغـدا و لەوێـوە چـووە بـۆ ئیسـتـەنبوڵ، ئاشـنایەتی لەگـەڵ شـێخ عەبدولقـادری شـەمزینی پەیـدا کـردووە، لـە مـاوەی مانـەوەی لـە ئیسـتەنبوڵ پێوەنـدی بەڕێکخـراوی تەعالـی شـێخ عەبدولقادرەوە بـووە. (١٢)

*ڕەحمـی هـەکاری: (١٨٩٠ ـ ١٩٥٨)، ئەوجا ڕووی کردۆتـە ئەنقـەرە و ئامۆژگای دارایـی تـەواو کـردووە،

لە پاشانا چووە بۆ ئیستەنبوڵ لە کۆلیجی ئیلاهییات کۆتایی بەخوێندنی هێنایە.(١٣)

* تۆفیق وەهبی: (١٨٩٢ - ١٩٨٤)، لە ئیستەنبوڵ بووە بەقوتابی قوتابخانەی ئەرکانی جەنگ.(١٤)


ئەسیری: ل٣٠١، کامیران بەدرخان ل٣٢٩، رەفیق حیلمی ل٤١٩.(١٥)

* هەموو ئەو زانیارییانەی سەرەوە، جگە لە حاجی قادری کۆیی، لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی دوکتۆر مارف خەزنەدار وەرگیراون و ئاماژەیان پێ کراوە.

* ئەو کتێبە ناوازەیە (عوسمانلی موئەللەفلەری) پاش ماوەیەکی درێژ، واتە: ساڵی (١٣٣٣ هـ - تشرینی دووەمی/ ١٩١٤) لە ئیستەنبوڵی چاپ کراوە. ماوەیەکە خەریکی ئەو سەرچاوە گرنگ و مێژووییەم و لەبەر دەستمە، دەمێکە لە نووسینەکانمدا سوودم لێوەرگرتییە، ناوم هێناوە. ئەو جارە نیمچە جەرد و مەسحێکم کرد، چەند لایەنێک پێش چاو دەخەم و تۆماریان دەکەم: (٥١٣) لاپەڕەیە، ناوی (٦٦٠) کەسایەتی دەورکردیتەوە، تێیدا هاتوون:

## نالی مەلا خدر:

لە گوندێک لە گوندەکانی سلێمانی لە دایک بووە، خوێندن و پەروەردەبوونی لە سلێمانی و شارۆچکەی قەرەداغ بووە. وەک ئەوەی دیوانی بە زمانی کوردی هەیە، بە هەر سێ زمانەکان (واتە: عەرەبی و فارسی و تورکی) شیعری ڕازاوەی بە هونەرە ڕەوانبێژییەکانی هەیە. ساڵی ١٢٩٠ کە لە حەجی پیرۆز گەڕاوەتەوە لە ئیستەنبوڵ ماوەتەوە لەلایەن پیاوماقووڵان و شاعیرانی سەردەم جێی ڕێز و پەسند بووە. دوای ماوەیەک کۆچی دوایی کرد، لە


نالی ملا خضر

مولدی سلیمانیه‌قراسندن برقریه‌ده تحصیل وتفیضی (سلیمانیه) ایله (قره‌داغ) قصبه‌سنده‌در. کردجه دیوانی اولدیغی کبی السنهٔ ثلاثه‌ده‌ده صنایع بدیعیه ایله مزین اشعاری واردر. (١٢٩٠) تاریخلرنده حج شریفدن عودتنده (استانبول) ده قالەرق زمانی فضلا وشعراسنك مظهر تقدیر وتوقیری اولمشدی. بر مدت صوکره ارتحال ایده‌رك (قره‌جه احمد) مزارستاننه دفن ایدلدی. شو خانه اشعارندن:


کهی تسبیح وکه باده    کهی نقش رخ ساده
سنك دردکله دنیاده    نەلر چکدم نەلر چکدم

گۆڕستانی (قەرەجە ئەحمەد) نێژرا. ئەم خانە (دێڕەشیعر – دیارە بیت – ی عەرەبی کراوەتە فارسی و لە جیاتی دێڕە شیعر بەکار براوە) لە شیعرەکانی ئەون:

**گهی تسبیح و گە بادە**
**گهی نقش رخ سادە**
**سنک دردکلە دنیادە**
**نەلر چکدم نەلر چکدم**

## نالی محەمەدەفەندی قۆنیەیی - قونوی:

زاتێکە لە زانایان و شاعیران، (قۆنیەیی)یە. ساڵی (١٠٨٥) کە حاکمی سلانیک بوو کۆچی دوایی کرد. لە گۆڕستانی مزگەوتی (سەیفوڵڵا ئەفەندی)ی تەک دادگا نێژراوە. دیوانی ڕێکخراو و- بەرهەمێکی دیکەی هۆنراوە، پیشاندەری چەند چیرۆکێکی جوانە، بەناوی (توحفەتولئەمسال «تحفة الامثال»)ـە، هەروەها پەسنێکی ڕێوڕەسمی حەجکردنی بە هۆنراوە داناوە، حەوت ئایەتی لە قورئان بە هۆنراوە لێکداوەتەوە و چیرۆکێکی گونجاوی بۆ هەریەک لە واتاکانی و دوابەدوای ئەوانە سەر و نزایەکی ڕیز کردووە. ئەو بەرهەمێکی دیکەی هەیە ناوی کلیلی حەوتەوانە (مفتاح هفتگانە)ی لێ ناوە. مێژووی بەم شێوەیە بە شەیخولئیسلام (عەلی ئەفەندی) داوە (معدن العلم علی و علیە الفتوی). (تحفة الامثال).



— ٤٤٦ —

نالى محمد افندى «قونوى»

علماء شعرادن برذات اولوب (قونيه) ليدر. (١٠٨٥) تاريخنده (سلانيك) حاكمى ايكن وفات ايلەدى. محكمه جوارنده (سيف الله افندى) [١] جامعى مزارستاننده مدفوندر. مرتب ديوانى و (تحفة الامثال) سمنده حكايات لطيفەيى مبين منظوم براثرى و منظوم (مناسك حج)ى واردر. آيات قرآنيەدن بدى آيتى نظماً تفسير ومعانىٔ شريفەسنه مناسب برر حكايه وعقيبنده برر مناجات درج ايدەرك (مفتاح هفتكانه) تسميه ايلەديكى براثرى دها واردر. شيخ الاسلام (على افنديه) بروجه آتى تاريخى ويرمش ايدى. (معدن العلم و على عليه الفتوى).

تحفة الامثال مطلعندن:

بسم الله الرحمن الرحيم ... قبله نماى در ذات قديم
بسملەنك باسى اكر فتح باب ... ايتمه سه فتح اولمازايدى درت كتاب
اولماسه ممدود اكر ميل سين ... بولماز ايدى قبلەيى اهل يقين
روزنميم آچماسه شمس وقمر ... بولماز ايدى نور ضيادن اثر

نهايتندن:

ناليا حاصلى تحفەك بى شك ... فرق تحقيق مجازيده محك
ديدى تاريخ ايچون اخوان صفا ... نه عجب تحفهٔ دلكش حقا
١٠٨٢


ابياتندن:

دل زارك نكه حسرتى بر پردەدرر
اودەاغيار ايله كور طالعى بر پردەدرر

محوى محمد محى الدين افندى (زهاوى)، ل٤٢٢.

**مەحوی محەمەد موحێدین ئەفەندی (زەهاوی):**

بەهەر سێ زمانی «فارسی و تورکی و عەرەبی» لە پەخشان و شیعردا لێهاتووە و شاعیرێکی پایەبەرزە و (هەولێری) یە، ئیجازەی لە (زەهاوی ئەفەندی) وەرگرتووە، کە پێشتر ژینناەیمان نووسیوە. لە (١٢٨٩) دا لە ئیستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە. لە گۆڕستانی ئەییووب، لە هەورازەکەی لای دەرگاهی (تەکیەی کاشغەری) نێژراوە. بەشێک لە کتێبەکانی ئەمانەن (مقتبساتی محويه) لە حیکمەتی ئاکار و تەسەووف دەکۆڵێتەوە و چاپ نەکراوە. نامیلکەی (روضة المعارف) و



محوى محمد محى الدين افندى «زهاوى»

السنهٔ ثلثەده انشا وشعرده مقتدر، فاضل برشاعر اولوب (اربيل) دندر. سابق الترجمه (زهاوى افندى)دن مجازدر. (١٢٨٩) ده استانبولده ارتحال ايلەدى. ايوبده (كاشغرى دركاهى) بوقوشنده مدفوندر. آثارى: (مقتبسات محويه) حكمت اخلاق وتصوفدن باحث اولوب غير مطبوعدر. (روضة المعارف) رسالهٔ موقوتەدر. (مضبوطة الفنون) كذا.


هەروەها (مضبوطة الفنون).

**شێخ ڕەزا ئەفەندی:**

کوڕی گچکەی (عەبولڕەحمان تاڵەبانی) یەک لە شێخە مەزنەکانی قادرییە کە پێشتر ژیننامەیمان نووسیوەتەوە. لە (بازیان)ی سەر بە سلێمانی لە دایک بووە. لەگەڵ کوردی کە زمانی زگماکیەتی لە سێ زمانەکەشدا ناوبانگی شاعیرانەی و بەتایبەتی لە لقی داشۆڕدندا توانستی سەراسایی سەلمێنرابوو. ئەگەر دیوانی چاپکراویشی نەبێ، زۆربەی شیعرەکانی لە کیشوەری عیراق و کوردستاندا بەربڵاوە و لەسەر زارانە. (١٣٢٦) کە لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە تەک غەوسی (گەیلانی) نێژرا. ئەم پارچەیەی خوارەوەی نووسراوی سەر مەزاریەتی:

**یا رسول الله چه باشد چون سگ اصحاب کهف**
**داخل جنت شوم در زمرهٔ احباب تو**
**او رود در جنت و من در جهنم کی رواست**
**او سگ اصحاب کهف و من (سگ) اصحاب تو.(١٦)**

* هەموو ئەو ناوانەی خوارەوە وەک کەسایەتی و خوێندەوار، شاعیر و نووسەر. خاوەنی بەرهەم و ئاگادار لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان تۆمار



— ٢٧٦ —

شيخ رضا افندى

مشايخ قادريه اعاظمندن سابق الترجمه (عبدالرحمن طالبانى) حضرتلرينك كوچوك مخدومى اولوب (سايمانيه) ملحقاتندن (بازيان) ده تولد ايتمشدر. لسان مادرزادى اولان كردجه ايله السنهٔ ثلاثەده اولان شهرت شاعرانەسى و باخصوص هجا كولقدەكى قدرت فوق العادەسى مسلم انام ايدى. مطبوع ديوانى يوقسەده اكثر اشعارى بالعموم خطهٔ عراقيه و كردستانده منتشر وعادتاً زبانزددر. (١٣٢٦) تاريخنده (بغداد) ده ارتحال ايدەرك جوار غوث (كيلانى) يه دفن ايدلدى. قطعهٔ آتيەسى كتابهٔ سنك مزاريدر:

يارسول الله چه باشد چون سك اصحاب كهف
داخل جنت شوم در زمرهٔ احباب تو
اورود درجنت ومن درجهنم كى رواست
اوسك اصحاب كهف ومن اصحاب تو

دەکەیـن، ئەوانــە و ئەوانــی دی کەسـیان باسـی (نالی)یـان نەکردییــە:

مسـتەفافەندی کـوردزادە (١٢٧٩ ـ ١٨٦٢) ل٩، مــەلا خەلیـل سـەعەردی ـ کوردسـتان (١٢٥٧ ـ ١٨٤١) ل٣٧، مەقسـودەفەندی (١٢٥٣ ـ ١٨٣٧) ل٣٧، مەلافەنـدی ـ مـەلا محەمـەد ئەمینەفەنـدی (١٢٧٥ ـ ١٨٥٨) ل٣٨،

یووسـفی کـوڕی هەمـزەی ئەلیاسـی، ئیبراهیـم ئەلئالانـی ل٥٦، بابـان زادە ئیسـماعیل حەقـی بێـگ (١٣٢٩ ـ ١٩١١) ل١١١.

خاکی محەمەدەفەندی ل٤٣، خاکی مستەفافەندی ل١٦٦، ڕەفیـع محەمەدەفەنـدی ئامێـدی (١٢٨٩ ـ ١٨٧٢) ل١٩٦، ڕاغب ئەحمەدەفەندی ئامـەدی ل٢٠١، شـەریفی ئامـەدی ل٢٥٦، سـائیب ئەحمەدەفەنـدی ٢٨٧، تالیـب مسـتەفافەندی ل٢٩٩، عەبـاس کەمالەفەنـدی (١٢٧٥ ـ ١٨٥٨) کەرکـووک ل٣٣١، عەبدولڕەحمان زیا ئەفەندی لە بنەماڵـەی میردۆخییە (١٢٨٨ ـ ١٨٧١) ل٣٣٨، عـزەت پاشـا قەیسـەریلی (١٢٥٨ ـ ١٨٤٢) ل٣٤٢ قـاراداغ، نـان و حەلـوا، نـان و پەنیـر، عیسـمەت بـەگ کـورد (١٣١٣ ـ ١٨١٩) ل٣٤٤، غولامـی عەبدولقادرەفەنـدی (١٣٠٣ ـ ١٨٨٥)، ل٣٥٤، غەریبی (نابینـا) یووسـف غەریبـی، هەولێـری (١٢١٠ ـ ١٧٩٥)، ل٣٥٥، نـەورەس عەبدولڕەزاقەفەنـدی کەرکووکـی (١٣٠٤ ـ ١٨٨٦)، ل٤٥٩، ناجـم عبدالرحمن (١٣١٢ ـ ١٨٩٤)، شـارەزوور ــ سـلێمانی ل٤٦٩.

ئــەو نــاو و مێژووانــە تەنیـا لەبەرئــەوەی تۆمارکـراون، بزانیــن لــە دەوروبــەری ژیــان و گوزەرانـی نالـی چ دەگوزەرێـن! ئەگینـا ئاگاداریـن کـەم و زۆریـی سـاڵەکان بـە ژمارەکانـەوە دیـار و ئاشـکران.

**ئەو ناوانەش لەو کتێبەدا تۆمار کراون:**

کـوردی محەمەدەفەنـدی ل٧، لەبیـب ئامێـدی ل١٢، محەمـەدی کـوڕی عەبدولڕەسـوول بەرزنجـی ل٢٦، عەبدولڕەحیـم شـێروانی ل٤٣. نەفعـی ل٤١، ٩٠، ١٢٧، ١٨٦، ٢٧٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٣٢٢، ٣٣١، ٣٥٢، ٤٤١، حامـی ئەحمەدەفەنـدی دیاربەکـری ل١٣٩، تەرجەمــەی حاڵـی کەرکووکـی شـێخ عەبدولڕەحمـان تاڵەبانـی (کـە دەکاتـە باوکـی شـێخ ڕەزای خۆمـان) ل١٥٣، ٣٥٤، خەلیلـی ئامێدی، فامـی ئیسـماعیلەفەندی ئامـەدی ل٣٦٦،


* لـە کتێبـی (دیـوان و فەرهەنگـی نالـی)دا هاتـووە: (لـە پێـش چـاپ کردنـی دیوانـی بـۆ یەکەمیـن جار کۆواری «ڕۆژی کـورد» لـە سـاڵی ١٩١٩ دا «دە» پارچـە غەزەلـی نالـی لـە ژێـر ناوی «دیـوان شـاعر شـهیر حضـرت نالـی بڵاوکردەوە. (میـر ئـاڵای موتەقاعیـد ئەمیـن فەیـزی لـە سـاڵی ١٩٢٠ چەنـد پارچـە شـیعرێکی نالـی بـە ئیمـلای کـۆن بـڵاو کـردەوە). پـاش ماوەیەکـی زۆر ئاشـکرا دیـارە، لـە پێـش چاومانـە، چەنـد بـە چەنـد ئەوجـا دەسـنووس و دیوانەکانـی ئـەو دەسـت و ئـەم دەسـتی کردییـە! (١٧)

- ئەنجوومەنـی ئەدیبـان، ئەمیـن فەیضـی بـەگ، توێژینــەوەی لێژنــەی وێــژە و کەلەپــوور، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق، بەغـدا، ١٩٨٣، لاپەڕەکانـی: (٢٢، ٢٣، ٤٤، ٤٨، ٤٩، ٦٤، ٦٨، ٨٣، ٨٦، ٨٨، ١٠١، ١٠٦، ١٢٦، ١٣١، ١٤٥، ١٤٨). (١٨)

* نالـی کـوڕم سـاڵی (٢٠١٤) لـە شـاری (وان)ی تورکیـا، لـە خوێندنـی بـاڵا (ماجسـتێر) وەرگیـرا. دەستنووسـێکی (مەختووتـەی) دیوانـی شـیعرەکانی نالـی بەدەسـت کـەوت. ئـەو دیوانـە (٦٨) لاپەڕەیـە، بـە خەتێکـی زۆر جـوان و ڕێکوپێـک نووسـراوە. لاپـەڕەی یەکەمـی ئـەوەی لەسـەر نووسـراوە:

فاضـل عالیجناب علی امیری افندی حضرتلری

عرض و تقديم   هلومنشدر ١٧حزيران سنه ٣٣٨ متقاعد ميرالاى سليمانەلى امين فيضى (دەستخەتی مامۆستا ئەمین فەیزی)یە.



٣٣٨ = (١٩١٩-١٩٢٠).(١٩).

عەلی ئەمیری ئەفەندی دیاربەکری: ئەو زاتە (٧) جار ناوی لەکتێبی عوسمانلی موئەللەفلەری هاتووە: ل١٠٣، ٢٢١، ٢٥٦، ٢٨١، ٣٥٥، ٣٩١، ٤١٣.

پێش چاپکردنی، بیرۆکەیەکم بۆ هات: هەموو دیوانە چاپکراوەکانی نالی بە نووسین و خەتی چاپخانەی هاکەزایی چاپ و بڵاوکراونەتەوە. وام بە باش زانی، ئەو دیوانە هەر بە خەتەکەی خۆی وەک مەختووتە چاپ و بڵاوبکەمەوە، ئەوە بوو ساڵی (٢٠١٩) بیرۆکەکەم جێبەجێ کرد.

* لەموزەی جەنگی (حەربی) شاری کۆنیا، چەندان جامخانەم بینی بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوون، بە دەیان ناوی جەندرمە و پلەدار و کەسایەتی، کوردەکانی لای خۆمانی سپای عوسمانلیم خوێندەوە. کە لە شەڕەکاندا شەهید بووبوون، بەرانبەر بە ناوەکانیان، ناوی گوند و شارەکانیشیان تۆمار کرابوون.

* ئەو ڕۆژانەی ئیستەنبوڵ پایتەختی دنیای ئیسلامەتی بوو، ناکرێ و نابێت! بەسەتان کوردی ئەم لا و ئەو لای کوردستانی خۆمانی لێ نەبووبن، بەتایبەتیش خەڵکی سلێمانی. ساڵانە چەندان کەس بۆ ئیشوکار، دامەزراندن، سەفرە و گەشتیاری، سەردانی ئەو شارە زۆر قەڵەبالغ و جەنجاڵەیان نەکردبێ. وا زەن دەبەم بە هەزاران کەس و خێزان و خوێندەوارەکان هەر خەڵکی ئەو شارانە بن.

* ئەوەی ڕووی داوە و دیارە، نالی بەکرێ و کەس نەزانم! شاری سلێمانی بەجێ هێشتووە و بەرەو ئیستەنبوڵ بیسمیللا و ناوی خوای لێ هینایە. ئەو شارەی نیشان و ڕەمزی ژیان و ئاوەدانی بوو، پایتەخت و قیبلەی ژیان و خەونەکان بووە، سەتانی وەک نالی بەدوای خەونەکانیان کەوتبوون. دیارە خۆی و داهێنانەکەی لە کوردستانی ئەوسا جێگەیان نەبوویتەوە.

* پیرەمێرد سەیری پێ دێ شاعیرێکی وەک سافی هیرانی لەبنەپاڵیدا هەیە و مەوجوودە، نەدیتیتی و نەدەیناسی! چەندان حاڵەتی لەو جۆرەمان هەیە. هەموو ئەو قسانەی سەرەوە چەندی بە چەند!

* لای من شیعرەکانی نالی گرنگن، ئەوانی دی ئەگەر سەت دەرسەت ڕاست نەبن، نابێ بیانخەینە سەر کاغەز و بڵاویان بکەینەوە!

* زۆربەی زۆری، دیوانە کلاسیکییەکانی شیعری شاعیرانی کوردیمان لەبەردەستە، لەسەر تاقچەکانی کتێبخانەکم دانراون. شەو و ڕۆژ خەریکی خوێندنەوە و پۆلێنکردنی بیر و بابەتە شیعرییەکانیان بووم، نموونەی: شاعیرەکانمان چۆن باسی (نالی)یان

کردییە! بەوردی ئیشەکانی خۆم دەکرد.

تەماشام کرد، حاجی قادری کۆیی لەدیوانەکەیدا، بەجۆرێکی سەرنج ڕاکێش باسی نالی دەکا. بوو بە بەشێکی سەربەخۆ، حاجی چۆن باسی نالی دەکا. بە مامۆستا عەزیز گەردی (ڕەحمەتیم) گوت: بیرۆکەکی وام بۆ هاتووە، پێش ئەوەی بڵاوی بکەمەوە، حەزدەکەم سەردانەکی مامۆستا مەسعوود محەمەمەدی (ڕەحمەتی) بکەین، بزانین جەنابیان ڕەئی چۆنە و چ ئامۆژگاریی و قسەیەکی هەیە.

ماڵی بەڕێزیان، لەسەر ڕێگەی کەرکووکێ بوو، جادەکەی پشت ڕۆژنامەی خەبات. چووینە خزمەتی، دیار بوو مێوانەکی هەبوو ئێمە نەماندەناسی. پاش چەندەکی ئەو ڕۆیشت، ڕووی قسەم لە مامۆستای بوو، گۆتم: زۆربەی دیوانە کلاسیکییەکانی شیعری کوردیم جەرد کردییە، ئەوانەی ناوی (نالی)یان هێناوە، تۆمارم کردوون. حاجی قادری کۆیی سەردەستەیانە، (١٢) جار بە ناو و ڕاستەوخۆ ناوی نالی هێناوە، بێ لەوەی لابەلاش باسی کردووە، یان بەهێما ئیشارەی بۆ کردییە.

تەماشایەکی کردین، دیار بوو بابەتی قسەکانمان گۆڕا. پاش چەندەکی ئێمەش دوعا بوونمان خواست و مامۆستامان بەجێ هێشت. بابەتی یەکەم لە گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویست بڵاوکرایەوە، لەگەڵ ئەم بابەتە زۆر پشی درێژ بووم:

- حاجی چۆن باسی نالی دەکا، ڕامان، ژمارە (٢٠)، ١٩٩٨/٢/٥.
- شاعیرەکانمان چۆن باسی (نالی) یان کردووە، ڕامان، ژمارە (٣٩)، ١٩٩٩/٩/٥.
- شاعیرەکانمان چۆن باسی (نالی) یان کردووە، ڕامان، ژمارە (١٣٠)، ٢٠٠٨/٣/٥.
- شاعیرەکانمان چۆن باسی (نالی)یان کردووە، ڕامان، ژمارە (٣١٤)، ٢٠٢٤/١٢/٥.

سەرەنجام (٤٥) شاعیر بوون بەسەرچاوەی ئەم باسە. سپاس و حەمد بۆ باری تەعالام، ئەو فورسەتە مێژووییەی لۆ ڕەخساندم و پێی بەخشیم.

* بەپێویستم زانی، ناو و زانیاری تری کتێبی عوسمانلی موئەللەفلەری پێش چاو بخەم:

ناوی کورد: ل١٠ دێڕی ٢ (کوردوس)، ٣٧ د١٩ (الکردیە)، ٣٨ د١٧ (کوردیکم)، ٧٦ د١٤ (اکراددن) ، ٨٩ د٢٢ (کوردکک)، ٩٢ د١٦ (کوردیمی)، ١٠١ د٩ (کوردکجە) ١٠٧ د٧ (کوردم)، د٩ (کوردی)، د١٨ (کوردی)، د٢٦ (کوردکلرم)، ١٠٨ د٦ (کوردی)، د١٠ (کوردیلر)، ١٠٩ د٢ (کورد)، د١٧ (کوردم)، ١١١ د٢ (اکراد)، ١٢٥ د٢٥ (کوردک)، ١٣٧ د٢٣ (کوردوس)، ١٤٢ د٣ (کوردکمی)، ١٦٤ د١٩ (کوردی) ،١٧٧ د٣ (کوردم)، د١٣ (کوردی)، ١٨٥ د١ (کوردە)، ١٨٩ د٢ (کوردەکی)، ١٩٥ د٢٤ (کوردم)، ١٩٩ د١٤ (کوردم)، ٢٠٣ د١٠ (کوردیکمز)، ٢١٣ د٢٢ (کردجە)، ٢١٤ د١٥ (کوردکدن)، ٢١٩ د١١ (کوردم)، ٢٣٠ د١٧ (کوردی)، ٢٤٤ د٣ (کوردکدە)، ٢٦١ د١٧ (کوردیکندن)، ٢٧٠ د١١ (کورد کجەمی)، ٣٠١ د١٧ (کوردیکمز)، ٣٣٩ د٨ (کردجە)، ٣٤٤ د٦ (کورد)، ٣٥٦ د١٦ (کوردکلرم)، ٣٦١ د٢ (کوردیکنی)، ٣٦٤ د٢١ (کوردیکنی)، ٤٠٩ د١١ (کوردی)، ٤٢٥ د٢٢ (کوردم)، ٤٢٥ د٢١ (کوردم)، ٤٤٢ د٢١ (کوردکدە)، ٤٤٤ د٢٠ (کوردیکک)، ٤٦٦ د٦، (کوردیکی)، د١٧ (کردجە)، ٤٩٠ د١٧ (کوردیکی)، ٤٩٤ د ٨ (کوردم).

نەورۆز ل٣٨٧، ٣٩١ د١، ٤، ٦، ٤١٠، ٤٩٩.

ئەفسانە ١٠٧. سپاس ١٦٦. ڕۆژی ئەلەست ١٣٥، ٣٢٩. ڕەخنە ٢٣٣. ڕەخنەدار ٢١٩، سەفین

٤٢٥. ساحێبقڕان ٤٤٢، ٤٩٦.

ئێمەی کورد بەو ناو و نازناوانە ئاشناین: ئاهی ل٢٦٣، ئیقبال ٤١٩، پەرتۆ ١١٢، ١١٤، ١٦٢، ٤٦١،

تۆفیق فیکرەت ٣٨٠، حەمدی ١٥٧، حوزنی ٢٣٨، زیوەر ل٩٨، ٢٢٠، شەمعی ٢٥٨، عەونی ٧١، فەزڵی ٣٥٩، کانی ٣٩٣، مەجزووب ٢٥٨، موخلیس ٨١، میهری ٢١٩، ٤٠٩، نامیق کەمال ٣٥٢، ناتیق ٨٠،٧٥، ٣٥٩، ٣٦٢. (وەک شاعیری تورکی و تورکی زمان ناو و یادگاریان تۆمار کراون. (بەدەیان سوڵتان و وەزیر و ئومەڕا و پلەداری گەورە، وەک شاعیر ناویان هاتووە: ئەحمەد خانی سێیەم ل٧٩، سوڵتان بایزیدی دووەم ل٩٦، سوڵتان سلێمانی قانوونی ل٢٢٧. سوڵتان سەلیم ل٢٣٧، ٤٠٧. فاتح سوڵتان محەمەد ٣٥٥، موراد خان ل٤١٣. مستەفا خانی سێیەم (سوڵتان ل٤١٩).

- دەیان جار ناوی: بروسەلی، ئیستەنبوڵی، ئەسکدار، کتبخانە، مەولەویخانە و زۆری تریش تۆمار کراون.

چاپ و چاپەمەنی، وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە، بابەتی کولتوور و زمان و ڕۆشنبیری گەشەیان کردووە و هاتینە ناوەوە، یەکێک لەوان، سەروەتی فنوونە: نامە، یان بڵاوکراوەیەکی هەفتانە بووە، زۆر بەناوبانگ بووە، بابەتی: فەلسەفی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی ... و پەخش کردووە ل٢٧٥، ٣٨٠، ٤٧٤.

ناوە ناوە و بە قۆناغ ئەو ناو و کەسایەتییانەش تۆمارکراون: ناپولیۆن، ئیزۆپ ل٩٠، ئەمیل زۆلا ١٠٦، لامارتین ٢٤٥، گۆتەنبرغ، بۆفۆن، فرانقلن، دیوژن، ڕافائیل، شکسپیر ٢٧٢. بیرۆن ٣٩٢، لاڤۆنتین ٢٩٤، ژان ژاق ڕۆسۆ ١١٥، ٢٩٥، سانسقریت ٣٠٤، الف الیل واللیلە ٤٦٤، هۆمەر، ئیلیادە ٤٧٠.

هیجری دەدە: ئێمە یەک هیجری دەدەمان هەیە. ئەو کتێبە (٤٠) نازناوی دەدەی دەورکردیتەوە: ل٢٥، ٦٩، ٨٠، ٨٧، ١٠٢، ١٢٦، ١٥٩، ١٦٠، ١٦١، ١٧٢، ١٧٣، ١٧٨، ١٨٩، ١٩٣، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٩، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٣، ٣٠٧، ٣٢٠، ٣٥١، ٣٦٤، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٩١، ٣٩٢، ٤١٧، ٤٤٥، ٤٥٠، ٤٥٤، ٤٦٣، ٤٦٧، ٤٩٥، ٤٩٦، ٤٩٧.

* لە بابەت هەندێ لە شیعرەکانی عوسمانلی موئەللەفلەری: ئەو کتێبە باس لە هەندێ هونەرەکانی شیعر دەکا، جگە لە غەزەل ل٦٨ و قەسیدە ل٧٥، لەوانە: جووت سەروا (مەسنەوی) ل٨٧، موستەزاد ل٨٤، تەخمیس ل٣٥٠، قیتعە ل ١٦٥، چوارین ل٧٠، شەش نیوە دێڕ (موسەددەس ل١٠٢، ١٠٦)، تەرجیع بەند ل١٨٠، و تەرکیب بەند ل٧١. هەر دوو شیعری ل١٨٨، ١٩٣ ڕیتمێکی خۆشیان هەیە.

- لە زمانی عەرەبیدا هەر پیتەک ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە. زانستی کردنی پیت بەژمارە، داهێنانێکی ناوازەیە، دوو مەرجی هەیە:

١- دەبێ پیتەکانی بە ڕێنووسی (ئیملای) عەرەبی بێت، ٢- دەبێ لەناو دوو کەوانەدابن (). لەو کتێبەدا ئەو زانستە زۆر بەکار هاتووە، هەندێ لەو نموونانە وەرگیراون:

ل٨٠ (حیفلر کوز یوموب اسرار دده سر اولدی = ١٢١١ = ١٧٩٦ ـ ١٧٩٧).

ل١٨٥ (عدن اولە رشدی افندینک بری = ١١١٥ = ١٧٠٣ ـ ١٧٠٤)، نموونەکان زۆرن.

ل١٢٢: (رحمت باد بر جم) = ر٢٠٠ ح٨ م٤٠ ت٤٠٠ ب٢ ا١ د٤ = ٦٥٥، د٤، ب٢ ر٢٠٠ ج٣ م٤٠، ٦٥٥+٢٤٥ = ٩٠٠.

ل٣٧١: (کوجدی فاضل بک کیجە احبابی

نـالان ایلـدی) = ک٢٠ و٦ ج٣ د٤ ی١٠ ف٨٠ اا چ٨٠٠ ل٣٠ ب٢ ک٢٠ ک٢٠ ی١٠ ج٣ هـ٥ اا ح٨ ب٢ اا ب٢ ی١٠ ن٥٠ اا ل٣٠ اا ن٥٠ اا ی١٠ ل٣٠ د٤ ی١٠ = ١٢٢٥ = ١٨١٠ ـ ١٨١١.

ل٤٥٩: (مبالـغ الحکـم) = م٤٠+ ب٢+ اا ل٣٠ +غ١٠٠٠+ اا+ ل٣٠+ ح٨+ ک٢٠+ م٤٠ = ١١٧٢ = ١٧٥٨ ــ ١٧٥٩.

ــ لایەنێـک لـە سـەروا و پـاش سـەرواکان، نیشـان دەدەیـن:

ل٤٧، اندر، یا رسول الله

ل٨٣، ردر، یا رسول الله

ل١٣٨، ابم، یا رسول الله

ل١٦٥، ر، انشا الله

ل٢٠٤، ر، میسک یا رسول الله

ل٢٨٧، ار، بسم الله

ل٢٩٠، یلم، یا رسول الله

ل٣٠٨، ان، وقت سحر قم قم قم

ل٣١٤، انم، محمد مصطفی

ل٣٦٨، ای، بسم الله

ل٤٠٥، ر، لا اله الا الله

ل٤٠٩، ت، لا اله الا الله

ل٤٨١، ان، ایستەین مولد پاک رسول الله کل

ل٤٨٣، ادر، یا رسول الله

ئەوەنـدە سـەروا و پـاش سـەروایانە سـەرنجییان ڕاکێشـام.

**شەمسەددین محەمەدەفەندی**

**هو المعین**

**ـ جۆرێک لە شەش نیوەدێر (موسەددەس):**

**اضطرابی ترک ایت ای دل حقی دائم ایلە یاد**

**صاقنوب احسـان عبد عاجز ایلە اولمە شاد**

**ایریشوب لطف خدا بر کون اولورسک بر مراد**

**کلدی بـر پیر خدا بـو بیتی قیلدی کوشـە یاد**

**برقپویی بندایدرسە بیک قپو ایلر کشاد**

**حضرت الله افندی فاتح الابوابدر (١) ل٢٦٣.**

**........................................ ایاسە چکمە الم**

**........................................ و ذو الـکــرم**

**........................................ هـم و غـم**

**........................................ کل دمبدم**

**برقپویی بندایدرسە بیک قپو ایلر کشاد**

**حضرت الله افندی فاتح الابوابدر (٨)**

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- مێژوی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٣٧١ هـ ١٩٥٢ ز، ل ٢١٤ – ٢٢٨.

٢- ڕۆچـوون بـە ناخـی هەڵبەسـتدا، کۆمەڵێـک وتـار و ....، ئەحمـەد تاقانـە، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠١٢، ل١٤٧، ١٤٩، ١٥٠.

٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار (د)، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٤٦.

٤- مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار (د)، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٣١.

٥- عەبدوڵڵا خدر مەولوود، حاجی چۆن باسی نالی دەکا، ڕامان، ژمارە (٢٠)، (١٩٩٨/٢/٥).

٦- مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی (حسام)، بەغدا، ١٩٨٤، ل شەش.

٧- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مکرم تاڵەبانی (د)، ژیانی پەروەردەی بیروباوەڕی و شیعری، کۆکردنەوە و لێکدانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە (٧٣)، ل٣٠٤.

٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار

(د)، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٧.
٩- پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
١٠- مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار (د)، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٢٩.
١١ـ هەمان سەرچاوە، ل٣٨١.
١٢ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار (د)، بەرگی شەشەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٤٩.
١٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٧.
١٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٩.
١٥- هەرچوار دەقەکان لە کتێبی: عثمانلی مؤلفلری، بروسەلی محمد طاهر، إیکنجی جلد، مطبعەء عامرء، أستانبول، ١٣٣٣ هجریە.
١٦- (دیوان و فەرهەنگ) ی نالی، لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار، (دار الحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٧، ٤٢٢ل.
١٧- ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیضی بەگ، توێژینەوەی لێژنەی وێژە و کەلەپور، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣.
١٨- (دیوان) نالی دەسنووس (مخطوطە)، عەبدوڵڵا خدر مەولوود - نالی عەبدوڵڵا خدر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.
* وەرگێڕانی تێکستە تورکییە عوسمانلییەکان مامۆستای بەڕێزم ئەحمەد تاقانە کردوویەتی، سپاسی دەکەم.